زیاد ڕەشاد قادر

کزەبای سەفەر و ئاونگی منداڵی

شیعر

هەولێر ٢٠١٥

* ناوی کتێب: کزەبای سەفەر و ئاونگی منداڵی

* نووسینی: زیاد ڕەشاد قادر

* ژانر: شیعر

* دیزاینی بەرگ: باسم ڕەسام

* تایپ و دیزاینی ناوەوە: نووسەر

* تیراژ: هەزار دانە

* نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠١٥

* شوێنی چاپکردن: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر

*ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی

سپاردنی (٢٥٢)ی ساڵی (٢٠١٥)ی دراوەتێ

ناواخن

دیوانێکی قەشەنگ و پڕ لە ڕاز و نیازی گەرم/ م.عەلی ساڵح میران ----------٦

ئەز لێرە دەڕۆم -- ١٢

ئەوین -- ١٦

بیانبورە --- ١٩

خەیاڵ-- ٢٢

چیرۆکی بەساڵداچوویەك--- ٢٨

بەهاریان سیس... زستانیان تووش -- ٣٢

دەمەوعەسرێك شیلەی شیعر لە ڕۆحتەوە دەتکێ------------------------------ ٣٥

ئەمنیش سەنگەر دەگوازمەوە-- ٤١

ژەنراڵی ژمارەکان --- ٤٦

چاو -- ٥٢

دەرکەوتنی تۆ و ئاوابوونی من -- ٥٦

حاشا --- ٥٨

دێمەوە -- ٦٢

ئێوارەیەك خۆت دەكەی بە ماڵی دڵدا --- ٦٨

پرنسیسا من-- ٧٤

جا من غەریبی چی ناكەم--- ٧٦

دیمەنەكانی باكوور--- ٨٤

كەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ --- ٨٩

وەرزی دووری -- ٩١

داگیركەر--- ٩٤

ڕیشی شیعرم سپی دەبێ و بە دەستی بەتاڵ دێمەوە---------------------------- ٩٨

ڕازی گوڵ و پەروازی وشە -- ١٠١

چوار نیگای سادە -- ١٠٦

دیاری-- ١٠٩

دڵی ونبوو-- ١١٢

من نەبوومایە... تۆ نەبوویتایە--- ١١٤

وەك قەفەس -- ١١٦

صەباحولخەیر -- ١٢١

چرای شیعری من دەسووتێ-- ١٢٤

پەنجەرەکە دەکەمەوە شێبا--١٢٦

بەوەدا دەزانم -- ١٣١

نیگارە چکۆلەکان -- ١٣٠

چاپکراوەکانی دیکەی نووسەر --١٤٤

دیوانێکی قەشەنگ و پڕ لە ڕاز و نیازی گەرم

ڕووداوەکانی دەورووبەری مرۆڤ، بە خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە هەمەچەشن و بەردەوامن، شاعیر لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر هەستی پێدەکات، زیاتر کاریگەریی خۆی بەسەریدا دەنوێنیٚ، تا زیاتر تێیدا قووڵ بێتەوە، زیاتر بەرەو عالەمێکی دیکەی دەبات، لەگەڵ قاقای خۆشنوودان و مەلەکردن لە نێو دونیای پڕ بەرائەتی منداڵانی نوورین، کامەرانی هەموو گیانی دەگرێتەوە، لەگەڵ ئازار و ستەمی مرۆڤە دڵڕەقەکانیش دادەمێنیٚ و ئازار هەموو گیانی دەگرێتەوە، شاعیر.... دەربڕینی هەست و نەستەکانی و پێکەنین و ڕشتنی ئەسرینەکانی بە دەست خۆی نییە، جگە لە هەڵڕشتنی ڕاز و نیازەکانی و خستنیە نێو چوارچێوەی چەند لاپەڕەیەك شتێکی دیکەی لە دەست نایێ، جاری وا هەیە ئەوەندە کاریگەرانە دەنووسیٚ، هەموو خوێنەرانی پەلکێشی دونیای خۆی دەکات و لەگەڵ خۆشییەکان دەتریقێنەوە و لەگەڵ ئازارەکانیشی دەتلێنەوە..

شاعیرەکەی (کزەبای سەفەر و ئاونگی منداڵی)یش، یەکێکە لەم هەستیارانەی بە دەوروبەری خۆی کاریگەر دەبێت و دەوروبەریش بەخۆی کاریگەر دەکات...، هەست و نەستەکانی ئەو لە کوردستانی باشوور (هەولێر) دەست پێدەکەن و لە باکوور (وان) دەگیرسێنەوە، هەر یەکێکیش لەم دوو شوێنە ڕووداو و بەزمی خۆی هەیە..

لە باشوور زێدی باوباپیرانی، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی خۆی و خۆشەویستەکانییەوە هەیە، لەوێ دەچێتە ژووری تاریکی فیرعەونەکان و باس لە داماوی ئەوان و دونیای نەبڕاوەیان دەکات، ئەو دەزانێ ئەوان تەنیا بە کێشی پوول و پارەکانیان قورسن، ئەگینا بە گیرفان و خەزنەی بەتاڵ پەڕامووچەن..

پێیان دەڵێ دەستکەوتنی بەختەوەری بە پوول وەدەست نایێ، بیرێکی لەم جۆرە جگە لە داماوی شتێکی دیکە نییە:..

(چ داماون/ ئەوانەی وا دەزانن/ گوڵەکنێری بەختیاری/ لە سوپەرمارکێت دەکردڕێ..)

ڕوو لە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی دەکات و بێسەوادیان دەردەخا، کاتێ بە بەکارهێنانی پلە و پایەکانیان، دەیانەوێ خۆشەویستی وەدەست بێنن:

(کێ لەوە بێسەوادترە/ کە وا خەیاڵ دەکا/ بە تۆڕی دەسەلات/ هەڵۆی مەحەببەت ڕاو دەکرێ..)..

زیاتر بوێرانە، بەپەنجەی شایەتمانی ئاماژەیان پێدەکات و تێیان دەڕوانێ، ئێوە بە پارە دەتوانن دەستبەرداری خۆشییەکانم بکەن، ڕەنگە دەست و قاچیشی ببڕن.. بەڵام ناتوانن بانگی ئازادی و ئاهەنگی سەرکەوتنی لێ یاساغ بکەن:

(نا جەلادی من نا/ تۆ دەتوانی/ نەك هەر پارە و هێز و دەسەلاتم/ لێ زەوت کەی /دەتوانی دەست و قاچیشم ببڕی/ بەلام ناتوانی هوتافکێشانی ئازادی و/ زەماوەندی سەرکەوتنم لێ قەدەغەکەی...)، لێرەدا شاعیر سەرەتا بیری دەچێ ئەو جەلادە گەر بتوانێ دەست و قاچی ببڕێت، گومانی تێدا نییە دەشتوانێ زمانی ببڕێت و نەهێڵێ هوتاف بکێشێ.. بۆیە هەر زوو بیری دەکەوێتەوە و لە دێڕی دوای ئەو دەڵێ:

(پێت دەکرێ ئەو پارچە گۆشتەی ناوی زمانە/ لە بنەوە لێم بقرتێنی/ لێ پێت ناکرێ گوتنی گۆرانیی ژیانم لێ یاساخ کەی...).

ئەو جەخت لەسەر ئەوینی خۆی دەکاتەوە، پێی لەسەر دادەگرێ، جەلادەکانی هۆشیار دەکاتەوە ، کە گەر (دڵ)یشی لە دەست بدات، بەلام مەحاڵە عیشق و ئەوینی خۆی لە دەست بدات:

(بۆت دەچێتە سەر/ ڕەگی دڵم لە قەفەزەی سینگ هەڵکێشی/ بەس هەرگیز بۆت نییە و ناچێتە سەر/ ئەوین لە ڕۆحم دەربێنی). " شیعری ئەوین" .

لەگەڵ ئەو هەموو ڕەفتارە نەخوازراوانەی سەرشێت و جەلادەکان، شاعیر هەر داوای لێبوردەیی دەکات و خوێنەرانیشی لەسەر ڕادەهێنێ:

(بەو ڕەنگە لە بەهاری تەمەنیان خواردی و/ هێوارەیەکی هێمنیان لێ سیخناخ کردی/ لە بۆڵە و دەنگەدەنگ/ تۆ عوزر بۆ هەمووان بێنەوە عوزر..)..

شاعیر لەسەری دەڕوا چەندین نموونەی دروست دێنێتەوە، لە هەموویان جوانتر:

(ئەو مێروولەیە ببەخشە/ کە هەرچی بکا ناتوانیٚ/ لە ویقاری چیایەك کەم کاتەوە..)...

لە دوا دێری چامەکەی پڕ بەدەم هاوار دەکا:

(کرم کوا خوێندەواریی هەیە/ تا سترانی باران بنووسێتەوە..). "شیعری بیانبووره".

شاعیر لە چەندین شیعری دیکەی نێو دیوانەکەدا، پەیامی لێبوردەیی و خاکەڕایی و ژیاندۆستی دەخاتە ڕوو، کە ڕەنگە جوانترینیان، ئەو کۆپلەیە بیٚ کە لە شیعری (دەمەوعەسرێك...)دا دەڵیٚ:

(تەنانەت ڕکم لە چقڵیش نابێتەوە/ چون ئەو نەبووبا/ لەکویٚ لە هەقایەتی نیانیی گوڵ دەگەشتین... ناحەزی مەرگەوەڕپیش نیم/ چون بە بیٚ ئەو/ ئێمە چۆن لە سەفەری مەم و زین حاڵی دەبووین!/ لەکویٚ سەربوردەی فڕینی ئەوانمان دەزانی!).

لەگەڵ ئەو هەموو ناهەمواری ژیان و گازاندەی بیٚ پەروا، لەبەر هەر هۆیەك بێت، سەفەرێکی دێتە پێش، بەرەو باکوور، سەرێك لە پێتەختی زادەی سوڵتانەکان دەدات:
(ئەز لێرە دەڕۆم/ بمبەخشن دۆستان/ شار هەناسەی تەنگ کردووم/ دەچم گویٚ لە شمشاڵێکی پیر دەگرم پیر..)..

بەردەوام دەبیٚ لە نەخشاندنی تابلۆ جوانەکانی، تا لە کۆتاییدا دەڵی:

(ئەز لێرەدەڕۆم/ بەر لەوەی هەسپی شیعرم ئاوی پێی دابیٚ/ دەچمە ماڵی دارچوالەیەکی دڵتەڕ/ کە ئەگەر خەمی پیرە دونیاییٚ/ دڵی هێندەی مۆرانەیەك بچووك

نەکردباوە/خەرامانی چین و ماچینیش نەدەگەیشتنە تۆزی بەر پای..). "شیعری ئەز لێرە دەڕۆم".

لە باکوور، بەرەو شاری بەفر و دەریاچە و سیحرێکی ڕەنگین، بەرەو شاری (وان) سەر هەڵدەگرێ، بە خۆشی یا بە نادڵی بڕیارە تاڵەکەی دەدات، وەکو قولێنگێکی کێوی لە رۆخی دەریاچە هێمنەکە دەگیرسێتەوە، بەلاَم هەر زوو غەریبی هەڵدەستێ، دووری (یەکەم خۆشەویست، یەکەم دۆست ــ دایە ــ، پاشان منداڵە چاوگەشەکانی، دواتر ــ گەر باسیشی نەکردبێ ــ هەموو ئادگارەکانی ئاگری دووری هاودەمی ژیانی ـ دایکی منداڵەکانی ــ، وەکو گوێزانێکی تیژ خۆی لە ئەوکی دەسوێ، بۆیە بەرگە ناگرێ و سیپارەکانی توورِ هەڵدەدا و دەڵێ دێمەوە:

(دێمەوە/ چی کتێب و بڕوا نامە هەیە تورِ هەڵدەدەم و/ دەیکەم بەقوربانی ماچێکی پڕ حەنینی دایە و/ گڕوگاڵێکی تژی بەرائەتی ئاکار..)

شاعیر لە میانەی حەوت تابلۆی جوان و دڵڕفێندا، ئالآی سپی هەڵدەکات و پێژی دێمەوە، ئەوەندە پەرۆشی هاتنەوەیە هەموو ناجوانەکانی کوچە و کۆلاَنەکانی خۆی لا دەبنە گوڵزار، دەبنە بەهەشت:

(دێمەوە/ چش لە غەڵبەغەڵبی/ پیرەمێردە خەرەفاوەکەی کۆلاَنی ئەوبەر/ کە هەموو جارێ بە هەڵە لە دەرگای ماڵی ئێمە دەدا/ قیڕووسیا لەو هاوسێ پایزییەم/ کە گەلێ جار دەیبینم سەتڵی خاشاکەکەی لە سەری کۆلاَن دەڕژێنێ...)

دیوانێکی قەشەنگ، پڕ لە ڕاز و نیازی گەرم، زمانی پاراو، دەربڕینی جوان، لە میانەی چەندین تابلۆی ڕەنگیندا، خۆیان نمایش دەکەن و تامەزرۆی بەر دەست و دیدەی خوێنەرانن، ئەمە چەند نموونەیەکی جوانی کۆشیعری (کزەبای سەفەر و ئاونگی منداڵی)ی ــ کاک زیاد ڕەشاد ــ ی شاعیرە و قسەی زیاتر هەڵدەگرێ و چاوەڕوانی زیاتری لێ دەکرێ.

عەلی ساڵح میران

هەولێر، تەمموزی ٢٠١٥

ئەز لێرە دەڕۆم

ئەز لێرە دەڕۆم

بەر لەوەی شالووری تەمەنم

بگاتە سەرکۆلانی پیری

پێش ئەوەی گەنجینەی گەنجیم

هێندەی سەرخەوی پەپوولەیەکی بمێنێ ئاوئاوچێ

ئەز لێرە دەڕۆم

بمبەخشن دۆستان

شار هەناسەی تەنگ کردووم

دەچم گوێ لە شمشاڵێکی پیر دەگرم پیر

کە لەگەڵ نەورەس هەر دەڵێی ئارووی بڕکێکن

دەچم دڵی تابلۆیەکی تۆزگرتوو

کە ڕەنگی کۆنە جاجمێکی لێ نیشتووە

بە ماجیکی تەماشا ئاو دەدەم

دەچم بە گوێگرتن لە سەربوردەی خەمگینیی کیسەڵێك

کە تلپی تەڕی تێدا نەماوە

هەموو گیانم سەوز دەکەمەوە

ئەز لێرە دەڕۆم

پێش ئەوەی شووشەی ڕۆحم لەوە زێتر وردوخاش بێ

دەچم سێڵڤییەك

لەگەڵ پیرەمێردێکی نابینا و

پیرێژنێکی کەڕەواڵە دەگرم

کە دەماری مردن لە ڕەگی ملیان نێزیکترە

کە بایەقوش ئەلف لەیلەوەلەیلە لە باڵکۆنەکەیان دەخوێنێتەوە

ئەز لێرە دەڕۆم

دەچم سیپارەی ئەو دەروێشە دەخوێنمەوە

کە تێیدا نووسراوە:

لە حەفت کانییان چاوم دەشوشت

بەر لەوەی هەتاوی جوانیم لێ ئاوابێ

هەموویان بەخیلییان پێ دەبردم

چەشنی بەخیلیی ئاوی شەتولعەرەب

بە کانیاوی سازگاری سەرچنار

ئەز لێرە دەڕۆم

بەر لەوەی هەسپی شیعرم ئاوی پێی دابێ

دەچمە ماڵی دارچوالەیەکی دڵتەڕ

کە ئەگەر خەمی پیرە دونیایێ

دڵی هێندەی مۆرانەیەك بچووك نەکردباوە

خەرامانی چین و ماچینیش نەدەگەیشتنە تۆزی بەر پای

دەچم بە گۆرانیی

(قاز و قورینگ و مراوی/ هەرسێکیان تەیری ئاوی)

هێوارەیەکی لێ پڕ دەکەم لە شەماڵی یاداوەری

لە عەتر و نێرگزی منداڵی

لە قسەی خۆش و نارنجی

ئەز لێرە دەڕۆم

ئەز لێرە دەڕۆم

هەولێر

حوزەیرانی ٢٠١٣

ئەوین

چ داماون

ئەوانەی وا دەزانن

گوڵەکنێری بەختیاری

لە سوپەرمارکێت دەکڕدرێ

کێ لەوە بێسەوادترە

کە وا خەیاڵ دەکا

بە تۆڕی دەسەڵات

هەڵۆی مەحەببەت ڕاو دەکرێ

بەزەییم دێتەوە بەوانەی

وا دەفامن

بە تەڵەی قۆشەن و بازوو

کەوی عیشق کەوی دەکرێ

خوا ئەوانە هیدایەت دا

کە بڕوایان وایە

گوڵاوی سۆز

لەم چڵکی دەستی دونیایە هەڵدەستێ

نا جەللادی من نا

تۆ دەتوانی

نەك هەر پارە و هێز و دەسەڵاتم

لێ زەوت کەی

دەکارێی دەست و قاچیشم ببڕی

بەڵام ناشێ هوتافکێشانی ئازادی و

زەماوەندی سەرکەوتنم لێ قەدەغە کەی

نا، خەنیمی جوانی نا

پێت دەکرێ ئەو پارچە گۆشتەی ناوی زمانە

لەبنەوە لێم بقرتێنی

لێ پێت ناکرێ گوتنی گۆرانیی ژیانم لێ یاساخ کەی

لە دەستت دێ

هەردوو چاوم بۆ تا هەتایە لێ کوێر کەی

وەلێ هەڵە دەکەی گەر وابزانی

هیچی دی خەون نابینم

بۆت دەچێتەسەر

ڕەگی دڵم لە قەفەزەی سینگ هەڵکێشی

بەس هەرگیز بۆت نییە و ناچێتەسەر

ئەوین لە ڕۆحم دەربێنی

هەولێر

تەمموزی ٢٠١٣

بیانبورە

دەزانم وەك چۆن

تۆپەڵە بەفرێکی سرك و سەرشێت

لە شان و شەوکەتی پەلکە سەوزەکانی

لاولاوێکی دڵ ئاوەدان دەخوا

ئاوا بریسکەی چاوەکانتیان خۆڵاوی کرد

وەك چۆن ڕەشەبایەکی بێ ئامان

پەنجەی لق و پۆپەکانی

گوڵەباخێك بە شکان دەسپێری

بەو چەشنە ویستیان لە داناییت کەم کەنەوە

وەك چۆن بە تیغی

پاییزێکی سەرسەخت

ڕومەتی دار چنارەکان

قڵیش قڵیش دەبن و زەرد هەڵدەگەڕێن

بەو ڕەنگە لە بەهاری تەمەنیان خواردی و

هێوارەیەکی هێمنیان لێ سیخناخ کردی

لە بۆڵە و دەنگەدەنگ

تۆ عورز بۆ هەمووان بێنەوە عوزر

لەو مێشە خۆشبە کە بە گیزەگیز

بەلاتدا تێپدەپەڕێ و

ئاوازی ژیانی وی بەوە سازە

ئەو مێرووڵەیە ببەخشە

کە هەرچی بکا ناتوانێ

لە ویقاری چیایەك کەم بکاتەوە

بەزەییت بەو هەڵەوەڕە بێتەوە

چەندە خۆی هیلاك بكا

پێی ناكرێ مشتێك لە تریفەی مانگەشەو بدزێ

بە شاتوشوتی ئەو تووتییە شێلوو مەبە

كە خۆیشی بكوژێ

جورئەت ناكا گومان بخاتە پاكیی زەریا

تۆ لە هەموویان ببورە

ئاخر قالۆنچە فەقیرەی چوزانێ

هەقایەتی گوڵ بگێڕێتەوە

شەمشەمەكوێرە عوزربارە لەوەی

ناتوانێ لە پەیامی ئەو ماچە بگات

كە تیرۆژی خۆر دەیدا لە پرچی گەڵاكان

كرم كوا خوێندەواریی هەیە

تا سترانی باران بنووسێتەوە!

هەولێر

٢٠١٣ /٨/٣

خەیاڵ

بۆ ئەو کزەبایەی، کە باوەشی پڕ بوو لە خەیاڵی گوڵگوڵی و

تنۆکە تەڕەکانی باران

لەبیرتە کە پێم دەگوتی

وەرە بفڕینە بەرزایی ئاسمانی و

پەنجەمان لە پرچی هەور بخشێنین و

لەگەڵ مانگ و ئەستێرەدا

گمە و جریوەمان تێکەڵاوکەین...

دەمگوت وەرە

ئێوارەیەك هێندە بە دیققەت لە زەردەی

ڕۆژئاوا ڕابمێنین

تا مودمین دەبین بە دیمەنی خۆرنشین و

هیچ ئێوارەیەك بیٚ ئەو هەڵناکەین...

کەچی دەتگوت

گمەی کۆتر بیٚ یا جریوەی ستێران

چی لەو ژیانە دەگۆڕیٚ!

پیٚت دەگوتم ئای لە تۆ

هەر لە داڵغە و وڕێنەی دێوانە و

قاو و قسەی چیرۆکنووسان دەچی

دەنا خۆر هەر خۆرە

چ بە تاقی ئاسمانەوە ڕەق وەستابیٚ

یا لە وادەی ئاوابووندا بە ئێمە چی

لەبیرتە وەختیٚ دەمگوت

وەرە دەبینە دوو دێوەرەی چاوقایم و

شار بە شار و

کۆ بە کۆ و

ماڵ بە ماڵ و

دەرگا بە دەرگا

دەگەڕێین و هاوار دەکەین

تریێ دەفرۆشین ترێی مەحەببەت

ترێی چاوڕەشی ڕەشمیری

هاوار دەکەین

هێی هەنار هێی هەنار

هەناری هێوربوونەوەی ڕۆح

هەناری شیرینی شارەبان

سێومان پێیە

سێوە سوورەی باخی جەننەت

هەگبەمان پڕە لە هەڵوژە

هەڵوژەی هێمنیی دەروون...

کەچی دەتگوت

ئەوە چیتە وێرانە ماڵی

غەریب حاڵی... خۆشخەیاڵی

چیت داوە لە ڕەزی تری

چی لە هەنار و سێو دەکەی

تۆ هەر شاسواری ئەندێشە و

پاڵەوانی نێو ئەفسانە و

پیاوی هەقایەت و کتێبانی

تۆ کوڕی خورپە و خەیاڵ و

مودمینی وشە و فانتازیا و

ژەنراڵی شیعر و سترانی

دەمگوت وەرە

بەخورجینی پڕ لە هەرزنی ماچەوە

بچین ئەو کەنارییە بدۆزینەوە

کە جارێ قاچیمان زامدار کرد

دەمگوت وەرە پڕ بە گەروو

گۆرانییەکی کۆچەری

بۆ ئەو هەوێردەیە بچڕین

کە بە دارلاستیێکیکی چەتوون

نیوەڕۆیەك لە خەومان کرد

سەرەخۆشی بۆ ئەو دارتووە بنووسین

هێوارەیەکی پاییز لقێکیمان شکاند

وەرە بۆ پرچی ئاڵۆسکاوی

منداڵە قەرەجێك ببینە شانە و

ئاوی پێکەنین بڕژێنینە

سەر لێوی

تەمموزی مەملەکەت...

کەچی دەتگوت

ئای لە خەیاڵپلاوی تۆ

هزری پەرش و بلاوی تۆ

هێندە بۆ کوچە و کۆلانی

شەرمنی منداڵیت گریاوی

بۆ خەونی هەڵیت و پەڵیتی

گەلای بابردووت سووتاوی

قەت ئەوەندە

بۆ ژیانی ڕاستەقینە و

داهاتووی خۆت نەکۆشاوی

هەولێر

ئابی ٢٠١٣

چیرۆکی بەساڵداچوویەك

"چاوەکەم تۆش پیر دەبی، ڕیشت دەبێتە گۆرەوی

وەك بفەرمووی من فلاّنم پێت دەڵێن توخوا هەوی"

حاجی قادری کۆیی

ئەگەر ئەم کەشتیی تەمەنە

وا نیزیك نەبا لە کەنار

ئەگەر ئەم شەهێنی عومرە

سەرەولێژ نەبا بۆ بنار

ئەگەر ڕەنگی قژ و ڕیشم

لە ڕێ نەبا بەرەو ڕەنگی بەفر

ئەگەر ئاسمانی ئەم ژینەم

مشت نەبا لە تەم و هەور

بڕوا بکە کەپری ئەندێشە و خولیاتم

ئاورشێن دەکرد بە بخوور

شەربەی ئەوینم پڕ دەکرد

لە شیعری تەڕ

لە چرپەی ڕووناکیی وەك نوور

ئەگەر ئەستێرەی بەختی من

وا ڕوو لە ئاوابوون نەبا

ئەگەر یاسەمینی ڕۆحم

لە ڕۆخی فەنابوون نەبا

نا، نەمدەهێشت شەوی شیعر ڕۆژ کاتەوە

بێ ڕازی نوێ و وشەی تازە

چی خەمی نێو دڵان هەیە

دەمسپارد بە دارەبازە

گەر ئێستا سەرەتا دەبوو

گوێزی هزر و نیگام ساغ و

سوێسکەی سەربوردە و تەماشام

پڕ باڵ و بێ پەتا دەبوو

گشت بەهاریێ ڕێگەم دەبڕی

بۆ سێبەری داری شەکران

سێ مانگەی هاوین دەڕۆیشتم

بۆ سەر لوتکەی سەکری سەکران

پاییز ئەوینم بۆن دەکرد

لەسای گەڵای زەردی داران

زستانیش هەر بە بێ چەتر

ژوانم دەبەست لەژێر باران

وەلێ هەیهوو

چەندە گەنمی ئەگەریان چاند

کەچی دروێنەیان نەکرد

چەند درەختی خۆزگەیان ڕواند

وەلێ هیچ کات بەری نەگرت

وەلێ هەیهوو

چ بکەم بەناو چاڵ و چۆڵی تەمەن کەوتم

هاکا زمانی فڕینی یاد چوو

کەوی جوانی جوانڕەوتم

بۆیە ببورە کە ئێستا

نە تنۆکی شیلەی شیعر و نە شەونمی شمشاڵی من

قەرسیلی هیچ عیشقێ ناخاتە پێکەنین

نە شنەی گۆرانی و نە هاژەی سەرچۆپیم

نیگای چڵی نێرگز

ناخاتە هەڵپەڕین

هەولێر

ئەیلوولی ٢٠١٣

بەهاریان سیس... زستانیان تووش

هەرچی دەرکەوت

پێش ئەوەی گۆزەیەك ئاوی ساف

لە کانیی بەر ماڵان بێنێتەوە

هەقایەتی شان و پیلی خۆی بۆ گێڕاینەوە

بەر لەوەی گوڵەگەنمێکی قەندەهاری

بخاتە سەر خەرمانی بێنازی لادێ

شانامەی دەست و بازووی خۆی

بۆ خوێندینەوە

ئەوەی دەرکەوت

هێشتا حەرفێکی

بۆ تێنووسی ژیان زێدە نەکردبوو

بە باڵای لەیلای خۆیدا هەڵگوت

جارێ بۆڵە ترێیەکی

لە ڕەزی ڕازاوەی ئەوین

نەدابوویە دڵێکی بیمار

دەستی کردە سەفسەتە و شاتوشوت

چ وێرانەیەکە هاوڕێ

یاریزانانی ئەم ڕۆژگارە

بەژنی کرداریان چ کورت و

زمانی وشەیان چ تولانییە

خەڵك و خوێشی ئەم خەراباتە

بازاڕی خۆنواندنیان چ گەرم و

باخی مەحەببەتیان چەند کەسادە

بەهاری ڕەفتاریان چ سیس و

زستانی گوفتاریان چەند تووشە

چ وێرانەیەکە هاوڕێ!

ئەنقەرە

تشرینی دووەمی ٢٠١٣

دەمەو عەسرێك شیلەی شیعر لە ڕۆحتەوە دەتكێ

"وەرە ساقی حەتا كەنگێ نەشوێین دل ژ ڤێ ژەنگێ"

مەلای جزیری

دەمەوعەسرێك گوێ لە بێدەنگیی باخچە دەگریت و

بەرِكی دڵت مشت دەبێ لە نوقڵی شیعر

لەبەرخۆتەوە دەڵێی

وای چ هێوارەیەكی كەیفخۆشە!

دەمەوعەسرێك لە بنەبانێوە تا بەر دەرگا

لە قرِێژ گسك دەدەیت

باڵکۆنەکەت لە تۆزی کرێتی دەتەکێنیت و

بست بە بستی سەربان

بە سپرای خۆشەویستی عەترڕێژ دەکەیت

دەمەوعەسرێك سەفەر دەکەی

بۆ کوێرە گوندێکی دوورەدەستی نیشتیمان

لەویادا چەند زارۆیەکی قژبژی تۆزاوی دەبینی

کە پەڕەی ڕۆحیان لە منداڵیی گەڵا دەچیٚ و

ئەو ساکەدەشتە ئاوڕشێن دەکەن بە گۆرانیی

"دوو ڕەشماری ڕەشکۆکە هەریاندا لە ئاقاری

دوو کیژی چاردە ساری بە جۆت حەوشیان دەماری"

دەمەوعەسرێك تازە دەبیتەوە تازە

دەمەوعەسرێك دەگەڕێیتەوە بۆ وەرزی تەڕی منداڵی

دەمەوعەسرێك دلۆڤانتر لە شیرکۆی دلۆڤان

نابینایەکی نوورانی دەپەڕێنیتەوە

بۆ ئەوبەری جادەی دڵنیایی و

پێی دەڵێی بڕوا بفەرموو

تۆ لە من چێتر توخمی دڵ و گوڵ دەناسیت

دەمەوعەسرێك

دەچیتە بەردەم ماڵی یار

دەچیتە لای قسە خۆشەکانی ئەهلی دڵ و

پڕ بەگەروو دەڵێی: "خودا ئەم دەردی عیشقەم لێ نەکا کەم"

دەمەوعەسرێك

دەڕۆیتە نێو هەوارگەی شیعرێکی صافی هیرانی و

بە شۆخییەوە دەڵێی

ئۆۆۆی نها زانیم چ شاعیرێکی دڵتەڕە ئەو خۆشناوە!

دەمەوعەسرێك بە زمانی گۆرانی

بە لەهجەی ساقەسۆرە

بە نەغمەی پروشە

بە پیرەژنانی کۆڵان دەڵێی

هێوارەتان گوڵ گەورەکانم...

بۆ بەساڵداچوویەك

کە هەورییەکەی لە ڕەنگی سەفای ئەو هێوارەیەی تۆ دەچێ

دەچەمێیتەوە و پێی دەڵێی خاڵە خاڵە ژیانت شەکر...

ئەویش بە دەنگێك کە لە ڕەنگی ئاسوودەیی دەچێ

پێت دەڵێ هی تۆ شەکرتر کەسی خاڵێ!

دەمەوعەسرێك دەفتەری ڕەنگپەڕیوی

توشبوویەکی تالاسیما

دەڕەنگێنی بە ڕەسمی گولاڵەسوورە و

مەجلیسی کۆمەڵێ منداڵی ماندووی دووگۆڵی

پڕ دەکەی لە هەقایەتی بەرشە و ڕیاڵ

لە ئەفسانەی میسی و ڕۆناڵدۆ

دەمەوعەسرێك شیلەی شیعر لە ڕۆحتەوە دەتکێ

دەمەوعەسرێك بۆ یەکەم جار دەچیتە کۆڕی زاهیدان

بە سەدایەکی خەمڕەوێن دەڵێی

ئۆی خەڵکی ئەم ئاواییە چەند جوانن!

خەڵکی ئەم ئاواییە تا دڵ حەزکا میهرەبانن!

خەڵکی ئەم ئاواییە تا سەر ئێسقان نوورانیین نوورانی!

دەمەوعەسرێك جارێکی دی لە دایك دەبیتەوە

چیدی بە کەناری ناڵێی خۆشگلەیی

چیدی بە تاوس ناڵیی ئەی کێ نازی من هەڵبگرێ

چیدی کوکوختییەکە خەتخۆشەکە تۆمەتبار ناکەی بە هاروهاج

دەمەوعەسرێك

ئیرەیی لە باخی ئەوین بژار دەکەیت و

لە قولاّیی دڵتەوە دەڵێی

تەنانەت ڕکم لە چقڵیش نابێتەوە

چون ئەو نەبووبا

لەکوێ لە هەقایەتی نیانیی گوڵ دەگەشتین...

لە قولاّیی دڵتەوە دەڵێی

ناحەزی مەرگەوەڕیش نیم

چون بە بێ ئەو

ئێمە چۆن لە سەفەری مەم و زین حاڵی دەبووین!

لەکوێ سەربوردەی فڕینی ئەوانمان دەزانی!

هەولێر

ئاداری ٢٠١٤

ئەمنیش سەنگەر دەگوازمەوە

لە باڵەخانەی بێمروەتییەوە

سەنگەرم دەگوازمەوە بۆ

باخچەی خەونەکانی منداڵی

لە بورجی بەرژەوەندیخوازی و

تاوەری خودپەرستییەوە

دەڕۆم بۆ

بێستانی شەمامەی شۆخی و

ماڵی ترۆزیی گوڵبەدەمی بەرائەت

مەتەرێزم دەگوازمەوە

لە کارخانەی بەرهەمهێنانی بانگەشە و

نووسینگەی پاشەکەوتکردنی پوڵ و

کۆمپانیای برەودان بە بەدنمەکی و

ئەم بازاڕی حیزب و حەرا م و

هەڕاجخانەی هاتوهاوار و شاتوشوتەوە

بۆ قەرسیلی ڕاز و خۆشەویستی

بۆ گوڵشەنی سۆز و جوانی

چونکە سەنگەر گواستنەوەی من

ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ

گڕوگاڵی تافی منداڵی و

گۆرانیی گەڵا و گوڵ و گیا

چونکە پێکهاتنەوەیە لەگەڵ

پێکەنینی پەپوولە و پۆڕ و پاساری

بزەی بولبول و کەناری

بۆیە نابێتە مانشێتی هیچ ڕۆژنامەیەك

چونکە سەنگەر گواستنەوەی من

باوەشکردنە بە کەژ و

ماچکردنە چاوی کانی و

بۆنکردنی هەناسەی سوبح و

تەوقەیە لەگەڵ شەماڵ

بۆیە ناچێتە نێو شریتی

هەواڵەکانی هیچ کەناڵ

چونکە لەم سەنگەر گواستنەوەمدا

پەیمانم داوە بە باران

چیدی هاوڕێیەتی چەتر نەکەم

بەڵێنم داوە بە شمشاڵ

چیدی گوێ بۆ مارشی شەڕ و

بڵندگۆی هەواڵ هەڵنەخەم

هەرێم داوە بە پێنووس و کتێب[1]

جگە لە ژوانی پەیڤ و پەرەگرافی پاراو

ڕێگە بە زمانی زبر نەدەم

بۆیە نە لێدوان و

نە مێزگرد و

نە هیچ بەرنامەی تایبەت و

نە ڕوونکردنەوە و بەیاننامە و

ڕاگەیەنراوی گەرەکە

نە سمێڵەخنچەی برادەرانی ئەمبەر و

نە نیگەرانبوونی برادەرانی ئەوبەر و

نە سەرسامبوونی خەڵك و

ئەبڵەقبوونی هەندێ چاوی گەرەکە

١ ـ هەرێ: گفت، بەڵێن، سوز (هەرێم داوە: بەڵێنم داوە، گفتم داوە).

ئەوەی لە سەنگەر گواستنەوەی مندا

سوودمەند دەبێ

نە قۆشەن و نە حیزب و نە بەرەڤان[2] و نە دەڵاڵە[3]

نە بۆ ئەملا دەبێتە بەهار و

نە بۆ هەڤاڵانی ئەوبەریش

دنیا ئاخر و سیاساڵە[4]

هەولێر

نیسانی ٢٠١٤

---

٢ ـ بەرەڤان: ناوبژیکار، ئاشتکەرەوەی دوو دژ.

٣ـ دەڵاڵ: لە گەرمەی سەنگەر گواستنەوەی ژمارەیەك كادیر و بەرپرسی حیزبەكان و ئەمبەر و ئەوبەرکردنیان، دەگوترا کە دەڵاڵ هەبووە و کاری گواستنەوەکانیان ڕێکخستووە.

٤ ـ سیاساڵ: وشکەساڵی، ساڵی بێ باران.

ژەنراڵی ژمارەکان

ئای ژەنراڵی ژمارەکان

دوور نییە لە داخی ژمارە بێشومارەکانی تۆ بێ

ئێستاش لەبیرم ماوە

(دارا) و (زارا) چییان لەبەر بوو

لێ ژمارەی ئەو سێوانەی

(ئازاد) بۆ (نەسرین)ی بەردەدانەوە

هەمیشە لەبیرم دەچێ

سەیرکە ژەنراڵی ژمارەکان

نازانم من لە ماتماتیك

زۆر نەخوێندەوارم

یا ژمارەی پۆست و پارە و پیاوەکانت

کۆشك و کورسی و کارخانە و کۆمپانیاکانت

زۆرن زۆۆۆۆر

زۆرن و نایەنە ئەژمار

بۆیە بێزارم

لە هەرچی ژمارەی دونیایە

تەنانەت ڕقم لە وشەی داتایە

یەك قل کەیفم بە ئامار نایە

دەزانی ژەنراڵی ژمارەکان

لەبەر تۆ و بەرخاتری

وشەی (وردبین)

خەریکە ڕکم

لە هەرچی وردی دونیا هەیە دەبێتەوە

خەریکم ئەو گوناهە گەورەیەش دەکەم

ڕەحمەت بۆ ئەوانەش نانێرم

کە پێشان پێیان دەگوتن

گەنجینەوان و خەزنەدار و باش موحاسیب

دەزانی هەموو جارێ کە دەگەمە

ئەو شیعرەی (نالی)ی مەزن

کە دەڵێ

"ئەهلی تیعداد و موحاسیب نووسیان...."

چاوم دەقوچێنم و دیوانەکە دادەخەم و

دەڵێم ئای مەلا خدری شارەزووری

بمبورە گەورەی شاعیران

خۆزی سەت شیعری دیکەت بۆ

"یەککە تاز و سێ برِ و دوو باد و شەش دانگ و درێژ" نووسیبا

وەلێ قەت باسی

ئەهلی تیعداد و موحاسیبت نەکردبا

ئای ژەنراڵی ژمارەکان

دوور نییە

لە حەسرەت

ژمارە بێ شومارەکانی تۆ بێ

لەگەڵ ڕەگ و ڕێژە

بوومەتە دژ و دوژمن

لەگەڵ شیتەڵ و دابەش

هەموو دەم عادز و عەداوەت

لەگەڵ جەدوەلی زەربی

سەر بەرگی دەفتەری منداڵەکەم

هەمیشە ناکۆك و نەیار

خۆیشم نازانم بۆ وەختێ

گوێم لە ڕستەگەلی

ئەژماری دەنگەکان و

ژمارەی کورسییەکان و

بەرزترین ڕێژە و

پێوانە و

لەسەتا و

یەك و

شەش و

دە و

هەژدە و

بیستوچوار و

سیوهەشت و

چی و چی دەبێ

پەنجەکانم دەئاخنمە

نێو هەردوو گوێچکەم و دەڵێم

کاشکێ لە ماتماتیك

سەت هێندەی دی نەخوێندەوار بام

سەت بریا

بە شێستم گوتبا سێ بیست و

وەکو خێڵەکانی پۆلی یەکەمی ژیان

تەنیٚ (یەك و دوو و زۆر)م زانیبا و هیچی تر[٥]

هەولێر

مایسی ٢٠١٤

٥ ــ لە کتێبی (قصة الحضارة)ی (ویل دیورانت)دا هاتووە: کە تا ئێستاش لەنێو هەندیٚ خێڵدا، تەنیٚ دەتوانن تا ژمارە دوو بژمێرن، واتا دەڵێن (یەك و دوو و زۆر).

چاو

بۆ (بزورگی عەلەوی) و ئەو چاوانەی کە لە هی (فەرەنگیس) دەچن

ئەویش بۆ خۆی کاسەییێکە

شەلاڵ بە شەرابی شیعر و

تەڕ هەروەك ڕووباری عیشق

کتێبێکە

لە توخمی قەسیدەی نالی و

پڕ پڕ لە مەرجانی وشە

خەرمانێکە

لێوانلێو لە گوڵەگەنمی سیحر و

بلازیزی غەمزە و تەماشا

چاوی تەشنەی ئەو مانگەشەوە

هێند بێ دەنگە

هیچ شت ناڵێ هیچ

هێند پڕ دەنگیشە

هەموو شت دەڵێ هەموو

چاوەکانی کارخەزاڵێ

هەر وەك ڕەزی ترێی جوانی

چون باخی هەڵوژەی ئەوین

هەزاران (وەفایی) دەخەنە

نێو گوڵجاڕی شیعری شیرین

دەترسم پێم بڵێن چاوباشقاڵ

دەنا لە سپێدەوە تا ئێوارە

چاو دەبڕمە چاوی سورمەسای

ئەو گوڵنارەی

سەراپای ژیان بە سەوزی دەبینێ

نەبادا پێم بڵێن چاوبرسی

دەنا ساڵ دوازدەی مانگ

سواڵی نیگام

لە چاوە چلێسەکانی ئەستێرەی سیوەیلدا دەکرد

کە لەکن ئەو ژیان هەقایەتێکی بەهارییە

دەبێ چۆن بێ لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا

چرای چاوم لەگەڵ گوڵەئەستێرەیەکدا داگیرسێنم

تا شل و کول دەبین چاوشارکێ بکەین

دەبێ چۆن بێ

لەباتی ڕۆژنامە و گۆڤار

چاو ببڕمە چاوی چیایەکی ئەویندیدە و

چاوخشاندنەوە بە

داستانەکانی سەر تەوێڵیدا بکەم

ئای مەراقمە کە کەنەفت و ماندوو دەبم

لە ئاوێنەی چاوەکانی سمۆرەیێ

تۆزێ چاوم گەرم کەم

ئای کە سەیرە توشی چاوئێشەیێ ببم

لەبری چاویلکە

دکتۆر بڵێ دەبێ

لە نووری چاوی کتێبێکی پەڕ زەرد ڕابمێنی

ئەستەمبوڵ

حوزەیرانی ٢٠١٤

دەرکەوتنی تۆ و ئاوابوونی من

"مەشریق تویی ئاگرێ تە زاهر

مەغریب ئەز و باتنێ من ئاگر"

خانی

گشت سەحەرێ

لەگەڵ گزنگی خۆر هەڵدێیت و

دونیا گوێی لە سەدای جیلوە و

سترانی ڕووناکیت دەبێ

خرِ ئێواران لەگەڵ خۆرنشین ون دەبم و

کەس هەڵقرچانی دەروون و

شەرارەی ڕۆحم نابینێ

سپێدان کە دەردەکەوی

ساماڵ بە ساماڵ دەگەڕێی

عالەم دیوانی ئاگرت

پیت بە پیت دەخوێنێتەوە

ئێواران من

بێدەنگتر لە ڕازی زەردەپەڕ

کە لە پشت دەرگای هەورێکی چڕ ئاوا دەبێ

ئاوا، ئاوا دەبم

کەسیش چاوی بە ناڵەی گڕ و

ئاتەشی شیعرم ناکەوێ

وان

ئەیلوولی ٢٠١٤

حاشا

پاکی بۆ زاتی تۆ خودای من

ئەوان بەناوی تۆوە

ئەم هەموو چقڵی زوڵمەت و پەتای غەدرە

لە بەرۆکی دار و بەردی سەر زەمین دەدەن...

بمبەخشە خودای گەورە

ئەوان وەختێ:

باخێ لە ڕەگەوە دەکێشن

باڵی خاڵخاڵۆکەیەك دەکەنە سوتماك

چاوی چەمێك کوێر دەکەنەوە

ناوی تۆی لێ دەهێنن!

ئەوان کاتێ:

کەسێ دەبینن

بە زمانێکی جوێ لە هی خۆیان

سوپاسی زاتی تۆ دەکا

لە بنڕا دەیقرتێنن و دەڵێن: یا خودا!

کە دەبینن سروودی نزای قورینگێ،

ڕیتمی موناجاتی نەورەسێ،

سەدای تەهلیلەی پەڕەسێلکەیێ،

ڕەنگوبۆیەکی دیکەی هەیە

بێ سێ و دوو

شمشێری کوشتن دەخەنە سەر گەردنی

مۆری مسقۆفبوون بە تەوێڵیەوە دەلکێنن

خودای مەزن

بە دلۆڤانی خۆت ئاگری ئەم موسیبەتە

خامۆش بکەی

بە میهری خۆت ئەم دوکەڵی ئاشووبە

تارومارکەی

ئیلاهی

شووشەی دڵی پەپوولەکانی نیشتیمان

بە فوویەك وردوخاش دەبوو

ئێستا چۆن بەرگەی ئەم

ڕەشەبای ئافاتە بگرن؟

پەڕەی گۆنای منداڵانی ئەم وڵاتە

بە هاوارێك دەبوو بە دەریاچەیەك زام

هەنووکە بەچی

بەری ئەم ڕۆکێتی خوێنە بگرن!

ئەی خودای من

حاشا ئەوان

زۆر لەوە نەخوێندەوارترن

لە حەرفێکی پەیامی زاتی تۆ بگەن

نووری ئایەتێکی تۆ حونجە بکەن

حاشا ئەوان

نوێنەری هیچ ئاینێك نیین هیچ

دەمڕاستی هیچ کتێبێك نیین هیچ

تاتوان

ئەیلوولی ٢٠١٤

دێمەوە

"پیاسەیەک بە تەنیشت ماڵی شیعرەوە... دەردەدڵێک سەر بە توخمی گریان... ورتەورتێک کەسێک هەر هەیە بیخوێنێتەوە"

(١)

دێمەوە
چی کتێب و بڕوانامە هەیە تورِ هەڵدەدەم و
دەیکەم بە قوربانی ماچێکی پڕ حەنینی دایە و
گڕوگاڵێکی تژی بەرائەتی (ئاکار)
هەرچی تیژ و زانکۆ هەیە
نایگۆڕمەوە بە ژەنگوژاری مەفتەن و
تنۆکە تەڕەکانی منداڵی

(٢)

دێمەوە

لەگەڵ سەحەری ڕۆژێکی تازەدا

بەدەم گوێگرتن لە سەدا ئاسمانییەکە

(وەلید ئیبراهیم) و

سروودی سەرمەدیی (قال یا ابت...)دا

دڵۆپ دڵۆپ دەبم بە بارانی گریان

(٣)

دێمەوە

چش لە غەڵبەغەڵبی

پیرەمێردە خەرەفاوەکەی کۆڵانی ئەوبەر

کە هەموو جارێ بە هەڵە لە دەرگای ماڵی ئێمە دەدا

قیرۆسیا لەو هاوسێ پاییزییەم

کە گەلێ جار دەیبینم سەتڵی خاشاکەکەی

لە سەری کۆڵان دەڕژێنێ

منیش نیگایەکی پڕ مەغزای دەکەم و

سەلامێکی نابەدڵی لێ دەکەم

سڵاو لە هاتوهاواری ئەو منداڵە لاسارەی

کە ڕۆژانە دەیان جار تۆپەکەی دەکەوێتە حەوشەکەمان و

هیچ شتێ دادی نادا هیچ

(٤)

دێمەوە

هەمدیس بەیانییان زوو

دوای خواردنی نان و ماستێکی هەولێر و

هەڵقوڕاندنی چایەکی تاڵ تاڵ بە دەستێکی شیرین شیرین

بابیایەکی منداڵانە لە (پاداشت) دەکەم

کە لە بری خواحافیزی هەمیشە دەڵێ (بەخێرچی!)

ماشێنەکەم گڕ دەدەم و

(کاڤار) دەگەیەنمە بە دەرگای مەکتەب

(**)**

دێمەوە

لەگەڵ هاوپیشەکەم دەست دەکەین بە گفتوگۆ

من لە کورتی دەیبڕمەوە

کەچی ئەو شەیدای قسەی خۆشە

نوکتەیەکم بۆ دەگێڕێتەوە

کە تەنوورەکەی بستێك لەسەر چۆکیەتی

پاش تاوێ قاقای گەرموگوڕ

دەڵێ ئەوە زۆریش خاترم گرتووی

تەبیعەتت دەناسم و

نوکتەی زۆر بێ حیشمەتت بۆ ناگێڕمەوە

(٦)

دێمەوە

لەگەڵ یەکێك لەو کەسانەی

وادەزانن من کوێخای پارەئەستێنانی شارم

دەبێتە دەمەقاڵێمان و

پێش ئەوەی بیکا بە قیڕە و هاوار

پێی دەڵێم هێژا

من مەئموورێکی بێ دەسەڵاتم

وەرە ماڵی ئاغای باجگر و

میری پارەئەستێنانی شارت پیشان دەم

کەچی ئەو نایەوێ ماڵی ئەوان شارەزا بێ و

بەوە دڵی ئاو دەخواتەوە

لەبەردەم مندا

دوو سێ پلاری مزر و تاڵیان تێبگرێ

(٧)

دێمەوە

پاش ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکەم دەبێ بە شەڕمان

بە شنەبای شیعرێکی پایزپۆش

ئاشتی دەکەمەوە و

خوا کەریمە بۆ شەڕێکی تر و شیعرێکی تر

وان

٢٤/ ٩ / ٢٠١٤

ئێوارەیەك خۆت دەكەی بە ماڵی دڵدا

دەزانم سەر لە ئێوارەیەکی کۆتایی پاییز

ئەو کاتەی لای تۆ

تیشکە نارنجییەکانی خۆر

ماچی ماڵئاوایی

لە پرچی درەختەکانی سەر شێستی دەکەن

ئەو دەمەی شن شن شن شنەبایەکی نیمچە سارد

گاز لە لامل و گوێچکەی

منداڵە بۆیاخچییەکانی بن قەڵاتێ دەگرێ

ئەو ساتەی

پیرێژنێکی ڕۆحسووکی دەشتی شارەزوور

فانۆسەکەی پڕ نەوت دەکا

بۆ وەختی بێ کارەبایی و

بە کش کش مامر و مراوییەکانی

دەئاخنێتە نێو کۆلیتە گەرمەکەی

لەپڕ خۆت دەکەی بە ماڵە کاولبووەکەی دڵدا

دەزانم ئێوارەیەکی کۆتایی پاییز

ئەو کاتەی لای من

بەفری کوێستان کلوو کلوو

بەر پەنجەرەی ژوورەکەم دەکەوێ

ئەو دەمەی

ماسیفرۆشەکەی کەناری گۆلی وان

کە کوردییەکەی

هەر هێندەی عەرەبیزانەکانی دوای ڕاپەڕینی کنە خۆمان ڕەوانە

سەرما ناچاری دەکات

کەلوپەلەکانی بپێچێتەوە بەرەو ماڵ

ئەو گاڤەی گوڵفرۆشێکی کەنەفت

کە بە دەستێك پاکەتێ قاوەی تورکی و

عەلاگەیێ لالنگی هەڵگرتووە و

بە دەستەکەی تریشی

بۆ خۆپاراستن لە پروشەی بەفر

پاڵتۆ شەکەرییەکەی کردووەتە سەیوان

ئا لەو کاتەدا

خۆت دەکەی بە ماڵە ساردوسڕەکەی دڵدا

ئااای ترپەترپی نەرمی بەفر و

لە دەرگادانی تۆ چەند پێك دەچن ئەی دۆست

واااي گڤەی بە ئاستەمی

شنەبایەکی نەرمی دەشتی گەرمێن و

زەنگ لێدانی تۆ کتومت یەکن هاوڕێ

دەزانم کە خۆت دەکەی

بە ماڵە هیشك و بێدەنگەکەی دڵدا

سەد هێندەی من

ڕکت لە باسکردنی شەوی یەڵدا و

ڕۆژی جیهانیی ژنان و

کریسمس و

یادی لەدایکبوون و

ئەو هەقایەتە باو و دووبارانەیە

بۆیە هاوڕێم

ئەو ئێوارە پاییزییەی

کە خۆت دەکەی بە ماڵی دڵدا

بەڵێن بێ بەڵێن هەڤڕا دەبینەوە منداڵ

پێکەوە دەچینەوە سەر ڕەحلەی یەکەمین ڕۆژی قوتابخانە

پێکڤە (دارا دوو داری دی) حونجە دەکەین

وێکڕا چرای چاومان

لە چاوەڕوانی (مێوژی زۆراب)دا دادەگیرسێنین

ڤێکرا لە خەمی (ڕژانی دۆی دادە)دا دەگرین و

بۆ (ئەوا سێویێك، ئەوا دوو سێو... بەسە بەسە نامەوێ)

بنی زمانمان پڕ دەبێ لە لیکی تامەزرۆیی

هاوڕێی من

ئەو ئێوارە پاییزییەی

کە خۆت دەکەی بە ماڵی دڵدا

بەڵێن بێ بەڵێن هەموو بەسەرهاتە سەیر و شەرمنەکانی

یەکەم ساڵی خوێندنت بۆ بگێڕمەوە

هەر لەو ڕۆژەی مامۆستا جاهیدە

جوتێ گۆرەوی ڕەشی خاڵخاڵی بۆ هێنام

تا ساتی وەرگرتنەوەی کارتی سەری ساڵ

کە بە کۆرس دەمانگوت:

"خدر ئەلیاس مەکتەب خەلاس..."

دڵنیابە ئەو ئێوارە پاییزییەی

خۆت دەکەی بە ماڵی دڵدا

دەبینەوە منداڵ

منداڵ و هیچی تر

وان

١٢/ ١٠/ ٢٠١٤

پرنسیسا من

پرنسیسا من[٦]

لەم لەتە دوورەی نیشتیمان

لەم بەستەڵەکی باکوورەی ڕۆحی وڵات

ئەم ئێوارە

هەر بە هەسپەشێی ئەڤین و

بروسکی خۆشڕەوتی خەیاڵ

دێمەوە لات

هێند بلەزم

نە ئاوڕێك لە مەلێکی

---

٦ ـ پرنسیسا من: پرنسیسی من، پرنسیسەکەم.

شاپەڕسپی لێواری دەریاچەی (وان) دەدەمەوە

نە بەسەر دڵی زێڕینی (پرا دەلال)[7] دەپەڕمەوە

نە لە چایخانەیەکی کەڤناری

شاری (بتلیس) ڕەسمیٚ دەگرم

نە کیسەییٚ گلگلی[8] جوان

لە زارۆکێکی وڵاتی (مەلایٚ جزیری) دەکڕم

وان

٢٢ / ١٠ / ٢٠١٤

---

٧ ـ پرا دەلال: پردی دەلال لە زاخۆ.

٨ ـ گلگل: دەرە، گەنمەشامی.

جا من غەریبی چی ناکەم!

شەمە:

یادی هەر هەمووتان دەکەم

لە (هەوەڵ سەحەرە)ی سێوەوە

تا (هاوسەرە ئازیزەکەم)ی بەهجەت

لە (دەردی هیجران)ی ئەسغەرییەوە

تا (دڵی من)ی عەدنان کەریم

لە (دەلۆ لۆی)ی مستەفا کۆرەوە

تا شیعرێکی تورەی پەشێو

غەریبیتان دەکەم غەریبی

یەکشەممە

یادی هەر هەمووتان دەکەم

یادی نۆکاوێکی سبەینانی ئیسکان

دژی ئەوانەی دەڵێن بۆ قۆڵۆن خراپە

دۆڵمەیەکی پڕ سڵق و پیاز

لە داخی ئەوانەی

ئەو ڕۆژانەی دۆڵمەیان هەیە

دەچن فەلافل دەخۆن

کولێرە بەڕۆنێکی پڕ کونجی

بە دەستی وەستایەکی شارەکەی کۆ

دوو شیش کەبابی یاسین و بیبەرێکی تیژ تیژ

بە دزی دوکتۆر و موکتۆر

دۆندرمەیەکی ساف سپیی باتا

لەگەڵ ئەو برادەرەی کە هەمیشە

پارەکەی بە من واسڵ دەکا

غەریبیتان دەکەم غەریبی

دووشەممە:

یادی هەر هەمووتان دەکەم

یادی ئاوازی (خوایە وەتەن ئاواکەی)

لە سەماعە گەورەکەی لۆریی غاز

تووت تووتی کەژاوەیەکی بووك گواستنەوە

کە مێردمنداڵێك ڕەنگە خوارزای زاوا بێ

نیوەی لەشی لە ماشێنەکە هێناوەتە دەر و

لەگەڵ سەدای بەندبێژەکە پەڕۆ با دەدا

غەریبیتان دەکەم غەریبی

سێشەممە:

یادی هەر هەمووتان دەکەم

یادی ئەو پیرێژنەی

تەنیٚ ددان و نیوێکی لە دەمدا ماوە و

هەموو جاریٚ کە باسی

تەقینەوەکانی بەغدا و فەللوجەی بۆ دەکەن

دەڵیٚ: "هەیهوو شەڕ لە بادینان تۆز لە دەرکیٚ مە"

یادی ئەو شەکرە هاوڕێیەی

بارانی وشەکانی

(ناسری سوبحانی)م بیر دەخاتەوە و

هەر دەڵێی

لەگەڵ (سوهرابی سپهری)دا پێکەوە

لە خەمی لیخنکردنی جۆگەکەدا گریاون

یادی ئەو دۆستە میهرەبانەی

بەهۆی ئەوەی لە زمانی بێدەنگیی من تێدەگا

تۆمەتباری دەکەم بە هاروهاج

غەریبیتان دەکەم غەریبی

چوارشەممە:

یادی هەر هەمووتان دەکەم

یادی کچەکەم کە پشیلەکەی لە کتێبەکانی خۆشتر دەوێ

یادی کیسەیێ دەرەی تێر خوێ و

چایەکی تاڵی دەمەوعەسران

یادی پیاسەیەکی بلەز و کورتی

بەردەم پارکی شار لە بەرەبەری مەغریب و

کڕینی چەند گۆڤارێکی منالانە

یادی (ب. لیلۆ)

کە لە دارومولکی بابانەوە

تەلەفۆنم و بۆ دەکات و دەڵێ:

پۆستەییێکم بۆ ناردووی

کە شیعرێکی منداڵان لە پشدەرەوە و

وێنەی زارۆکێکی سنەیی و

چیرۆکی نووسەرێکی بانەیی تیایە

غەریبیتان دەکەم غەریبی

پێنجشەممە:

یادی هەر هەمووتان دەکەم

تەنانەت یادی ئەو لەندەهۆرەی

لەکن بەرپرسەکان دەڵێ

حکومەت بابی دڵسۆزی میللەتە

لای مەئموورە بێ دەسەڵاتەکانیش

دار و دیواری سەرای حکومەت

بە جوێن ئاوڕشێن دەکا

یادی ئەو پۆلیسەی بەردەم پارك

کە سەرتاپای من دەپشکنێ

بەڵام چاوپۆشی لەو برا چاوڕەشە دەکا

کە سێ چارەگێکی خەتخەتی کردووەتە بەر و

بە کارمەندێکی پارك دەڵێ:

"لازم تعرف عەرەبی"

غەریبیتان دەکەم غەریبی

هەینی:

یادی هەر هەمووتان دەکەم

یادی دەنگە پڕ غەریبییەکەی (مەعێقلی) و

ئایەت بە ئایەتی سورەتی کەهف

یادی دوعا دڵگیرەکانی دایکم

کە هەموو جارێ دەستی هەڵدەبڕێ دەڵێ:

"یا ساحێبێ عافێ عەفوومان بکەی"

یادی کاتی زەردەی ڕۆژئاوابوونی خرابەدراو

کە دەنك دەنك ڕازیانەی منداڵیم بەگۆڕێ وەردەکا

یادتان دەکەم یاد

یادی هەر هەمووتان دەکەم

وان

٢٠١٤/١١/١

دیمەنەکانی باکوور

(١)

پۆلیسێکی سەر سنوور

کە ڕاسپێردراوە

چای قاچاخ لەو لۆرییانە بگرێ

کە سووتەمەنی دەگوازنەوە

مەلی خەیاڵی باڵ دەگرێ بۆ کن دەزگیرانەکەی

ئەو، لەوێ بەدەم هەڵقوڕاندنی کوپێ چای دووغەزالەوە

دەڵێ: نازێ، چۆنە ئەم بەهارە زەماوەند بکەین!

(٢)

ژنێك كە كراس و كەوایەكی گوڵگوڵی لەبەردایە و

دەسماڵێكی بەپوولەكەی كردووەتە سەر

شریتی عومری لە پەنجا تێپەڕیوە و

نیگای بڕیوەتە كەپكی هەرە بڵندی چیاكان

وەك ئەوەیە وایە سرووودی

(لە قەندیلی سەربەرزەوە...) بڵێتەوە

ڕەنگە ژنی سەر بە دەسماڵ

بیر لە كچە گەریلاكەی بكاتەوە

كە سێ ساڵ و نیوە لێی بێ خەبەرە

(٣)

خورتێكی پەنچەرچیزادە

كە كابۆیەكی شینی كاڵی لەبەردایە و

پەنجە قڵیشبردووەكانی

لەنێو دەستەوانەیەکی ڕەشدا شاردووەتەوە

تیری تەماشای

لە تایەی ئەو ئۆتۆپاسانە دەگری

کە شەو و ڕۆژ ئەم ڕێگایە دەکوتنەوە و

مانگە و مانگیش پەنچەر نابن

(٤)

کیژێکی پارچەڵە

کە گۆنا سەرمابردووەکانی

سۆر سۆر هەڵگەڕاون و

لە باڵکۆنە بچووکەکەیان

جلە شێدارەکانی نەنکی بە تەناف هەڵدەواسی

لەبەر خۆیەوە سترانێکی (ئەحمەد کایا) دەڵێتەوە و

چاوەڕوانە برا کرێکارەکەی

مۆبایلێکی گەلاکسی لە ئەستەنبۆڵەوە بۆ بێنێتەوە

(٥)

منداڵێکی چاو خۆڵەمێشی

بەدەم دەست هێنان بەسەری ئەو پشیلە سپییەی

لەکۆشیدا خەوتووە

دەشێ ئەگەر پارەی لە گیرفاندا بووایە

دەستە کێکێکی شەمائیل و دوو لوقمی کڕیبایە

پشیلەیەك کە حەزی دەکرد

چاوێکی شین و ئەویدیکەی زەردباو بووایە

خەون بەوەوە دەبینێ

سەراپای دونیا پڕ پڕ بێ

لە مشکی بێ دەست و پێ

(٦)

پیرە پیاوێك کە خەڵکی تاتوانە و

شەپقەیەکی بۆری لەسەرە

لە لێواری دەریاچەی وان دانیشتووە و

بژێوی خۆی لە چاوی ئەو ماسییانەدا دەبینێ

کە تا ڕاو نەکرێن نازانن قولاپی مەرگ ڕەنگی چۆنە

(٧)

موسافیرێکی شەوارەی خەوزڕاو

دەیەوێ تنۆك تنۆك شەونمی سەر ڕومەتی گیا و

بەرامەی سەر کوڵمی گوڵاڵە کۆ کاتەوە و

پەیڤ پەیڤ سەربوردەی مرۆ و ژیانلەبەر و

خۆڵ و دار و بەردی نیشتیمان بنووسێتەوە و

ناوی بنێ شیعر و بۆ ئازیزەکەی بنێرێتەوە

بتلیس

٢٠١٤/١١/٥

کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ

بە یادی (ئەو) و بۆ ڕۆحی (نالی) پێشکێشە

وااای نالی... ئوستادی من!

شار لێوڕێژە لە کەس و هیچ کەسیشی تێدا نییە

شار سیخناخە لە دەنگ و هیچ کەسیش دەنگی نایێ

شار سەرشارە لە ڕەنگ و وا لە بێ ڕەنگیدا دەمرێ

شار... شار... شار

ئوستادی من

ئەم هەوارە بێ هاوارە و پڕ پڕیشە لە هاوار

هەر هەموویان ئاشنامن کەچی پڕ پڕە لە ئەغیار

تا چاو هەڵدەبڕی گوڵزارە وەلێ پڕ پڕە لە گوڵخار

ئوستادی من

چاوی شیعری تۆ لە حەسرەت سەرووی قەدی ئەو

دەبوویە دوو ڕووبار

ئەدی چاوی سپی و کزی ئێمە

چی بکا لە حەسرەتی یار

تۆ لەتاو هیجری ئەو

ناڵەی وشەت دەبوو بە مۆسیقا قوربان

ئەی ناڵەی نووساو و نادانی ئێمە

قوڕی چ خاکستەرێ بکا بەسەردا قوربان

وان

٢٠١٤ /١١/١٥

وەرزی دووری

ئەو ڕیشۆڵەی

سەروەختی کۆچ بەرەو کوێستان

شکان دوو باڵی پەك دەخا و

لە ئازیزان جێدەمێنێ

ببینە چەند بەلەنگازە

ئەو کولیکەی

سەهۆڵبەندانی زستانێ

زیندەگیی لێ دەتەزێنێ

وەرزی ڕۆحی چەند بێنازە

ئەو شالوورەی

لەجیاتی ئاسمانی بەرین

قەفەسێکی تەنیا و تاریك

دەبێتە ماڵی ژیانی

دڵ و دەمی چەند پڕ ڕازە

ئەو جۆبارەی

هێندێ کەڕەت

ساڵەوساڵیش دەستی باران

نمە سلاوێکی لێ ناکات

شووشەی هیوای چەند ناسازە

بزانە "لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە"

لە ڕیشۆڵە و کولیك و شالوور و جۆبارەکە

بەلەنگازتر و

بێنازتر و

پڕ ڕازتر و

ناسازتر

منم من ئەی پەریزاد

وان

٢٠١٤ /١١/٢٥

داگیرکەر

"میرێ غازی شیرێ تازی/ ڤێکرِان من دین ب بازی

کر ل مە ژ غەفلەت ڤە گازی/ دل ژ من برِ دل ژ من"

مەلای جزیری

تۆش داگیرکەرێکی دیکەی

بۆیە نزایەکم هەیە لە خودای بانی سەر و

پاشان تکایەك لەتۆ

نزای ئەوە لە خودا دەکەم

تۆ ببیتە دوا داگیرکەری

ولاٌتی هەلای هەلای پڕ ئازاری من

تەنیا بۆ ئەوە لە خوا دەپاڕێمەوە

دوای تۆ هیچ داگیرکەرێکی تر

پێ نەخاتە سەر پەڕەی ڕۆحی برینداری من

تکای بچووکیشم لە تۆ ئەوەیە

یان داگیرت نەکردایە

ژیان و گیان و سەبر و سەفا

یا کە هەر داگیری دەکەی

کەمێ هێواشتر بیخە کار

تیری تیژی دڵشکاندن

ئاگری ئەشکەنجە و جەفا

هەمووتان داگیرم دەکەن

جارێ حەیرانی ئەم چەمە

یا مۆسیقای گوڵ و گیا

جارێ لەنجەی شیکی بەفر

یا نەڕەی سروودی چیا

گەهێ هەقایەتی قەڵا و

گەهێ شەپۆلی شینباوی چاوی دەریا

گەهێ نەورۆزی گڕ و پشکۆ

جارێ ئەم و

جارێ ئەو و

کەڕەتێ تۆ

گشت داگیرکەرەکانی تر

ڕەنگ و بۆی شیر و شاڵاویان

دەبیبیسترا

دروشم و ناسنامە و ناویان

دەبینرا

وەلێ ئەتۆ دوایەمینی داگیرکەران

ئەمێستا خۆیشم نازانم

لە کام دەلاقەی تەمەن و

کێهە پەنجەرەی زەمەندا وەژووورکەوتی

ئەمێستا خۆیشم نازانم

لە کام وەتەری نەستم و

کێهە کەلی قەسیدەمدا وەردەرکەوتی

هێند دەزانم ئیستیعمارێکی سەرشێتی

تا دوا پلەی داگیرکردن

لە ئەم و ئەو زۆر دۆستتری

هەر وەکوو ئەوانیش دوژمن

وان

٢٠١٤ /١١/٣٠

ڕیشی شیعرم سپی دەبێ و بە دەستی بەتاڵ دێمەوە

(مەولەوی) لە داخی کۆست و فیراقی عەنبەر خاتوونی

بینایی چاوانی داهات

وەلێ هەوری خەیاڵی ئەو ئاودارتر و

چاوی شیعری بیناتر بوو

(نالی)ی مەزن بۆ حەبیبەی زێد و یار و نیشتمانی

دڵی بوو بە دەرد و کەباب

ڕۆحی بوو بە شاری ئەشك و شارای گریان

لێ خەرمانی چامەی ئیشقی بەفەڕتر و

ئاگری پەیڤ و هەڵبەستی گەرمتر بوو

(حاجی قادر) کڵۆ کڵۆ توایەوە

لە حەسرەت بێکەسیی کوردان

گڕی غوربەت سەر ئەرزی لێ کرد بە زیندان

بەڵام وەجاخی هۆنراوەی ڕۆشنتر و

دەغڵی بەیتی سەوزتر بوو

کەچی منی دەستکورتی باخی خەیاڵ و

نەداری بازاڕی شیعر و

قەلەندەری واری وشە

دێوی دووری دڵۆپ دڵۆپ

لە خوێنی تەمەنم دەخوا

خەزانی خەم گەڵا گەڵا

لە بەهاری عومرم دەبا

ئەوجا بەم زمانە کورت و

زەینە پەرت و بڵاوەوە

بەم ئەندێشە کەم و تەنك و خامە کول و شکاوەوە

نە دەتوانم بە قەد قوڵیی ناڵەی فیراق

هاواری خۆم بنووسمەوە

نە پێم دەکرێ

ئەم شاخی قورسی دەردانە

بکەم بە قەسیدەی ئیشق و

بە دیاری بۆتان بێنمەوە

بۆیە ئەفسووس ئەم زستانە

ڕیشی شیعرم سپی دەبێ و

بە دەستی بەتاڵ دێمەوە

وان

٥ / ١٢ / ٢٠١٤

ڕازی گوڵ و پەروازی وشە

لەسەر دوو باڵی شیعرێکم

دەچیتە سەر بەرزایی باوەکۆچەك و

شاخی خەمدیدەی شنروێ

لەوێ سەیری

پەیکەری عومەر خاوەر و

شوێنەواری ماڵی وەسمان پاشا دەکەی

لەنێو عەتری نامەیەکدا

دەتبەمەوە بۆ ئارابخا

بۆ وڵاتی سەلاح داودە و ئەسیری

دەنك دەنك موورووی نازکی منداڵیت

بە کۆڵانەکانی ڕەحیماوا و

ئیمام قاسمدا وەردەکەی

لەسەر پشتی هەوری هۆنراوەیەکی دیم

دەچیتە ئاسمانی سنە و

لەبەردەم مزگەوتە تەمەندیدەکەی دارولئیحسان

بارانی وچانیٚ دەدەی

لەناو دێری سەفەرنامەیەکی سپیم

دەڕۆیتە ناو جانتای خوێندکارێکی ڕۆژهەڵاتی و

لەویٚ لەنێو گوڵی گەش و گەڵای تەڕدا

سڵاو لە پیر و جوانی

مەریوان و شاری قازی دەکەی

لەگەڵ شنەبای پەخشانێکم

دەتگەیەنمە ئامەدی ڕۆح و

هەواری شێخەکەی پیران

چاوت پڕ دەبێ لە سەیری

ئاگری و ئاراراتی عیشق و

بەهەشتی دێرسیم و ئیرەم

هەر لەوێوە دەتبەمە پارچە پڕ زامەکەی

ڕۆژئاوام و

لەسەر تەپۆڵکەی مشتەنوور

کوچە کوچەی دڵی خوێنتێزاوی شار و

ئاهی گەرم و هەناسەی هەڵکڕوزاوی

نێو کۆبانیت پیشان دەدەم

هەر تۆ لە دوو توێی بەرگی کتێبێکم

لەگەڵ منداڵە کوردێکی سوێدنشیندا

دەکەویە خەندە و جۆللانێ

شانبەشانی هەڵبەستێکی منداڵانەم

لەگەڵ زارۆیە کوردێکی ئەمەریکادا

دەیکەی بە بەزم و دیلانێ

ئەوە منم بە چوار کەناری دونیادا دەتگێڕم و

دەتکەم بە پەڕی ئەو گوڵانەی

بە منداڵی لە قەدی کتێبمان دادەنا

دەتکەم بە ناو و ناونیشان

دەتخەمە نێو ئەو شیعرانەی پڕن لە خەم

سیخناخ لە سۆزی گەرم و سەنا

کەچی ئەتۆ

لەناو چوار دیواری ماڵی

دڵە پەنهانەکەت بەندم دەکەی

لە زیندانی تەلبەندکراوی ڕۆحت پەکم دەخەی

بزانە من چ زۆردارێکی میهرەبانم و

تۆش چ پەڕەسێلکەیەکی خوێنڕێژ

من گەدایەکی چەند چاوتێرم و

تۆش پادشایەکی لە برسێتیدا لێوڕێژ

چوار کەناری دونیا چەند بچووکە

ئەی گورگی بێتاوانی من

چوار دیواری ماڵی دڵت چەند گەورەیە

ئەی پەپوولەی دڕ و دوژمن

هەولێر

سەرەتای کانوونی دووەمی ٢٠١٥

چوار نیگای سادە

(١)

من دەمەوێ

شتێ بنووسم

سادەتر لە خۆم

قووڵتر لە تۆ

لە یەکەمیان هەمیشە نایابم و

لە دووەمیشیان هەمیشە کەوتوو

(٢)

سەر زەمین

پڕ پڕ بووە لە بێدادی

چون بە بێ تۆ

من یەك شیعریشم پێ نەدەنووسرا

کەچی کەس باسی تۆ ناکات و

بە منیش دەڵێن: جوانە، دەستخۆش...

(٣)

ئەگەر ڕۆژێ

لە کاتی دیتنی

هەر جوانییەکی سەر ڕووی گێتی

جیلوەی جەماڵی تۆم نەدی

ئەوا دەبێ

سۆراخی باشترین دوکتۆر بکەم

(٤)

نازانم وەسفی

بەهاری دیداریٚ بکەم

لیٚ دەزانم

خۆریش چەند چرکەیەك بەر لە ئاوابوون

هەم کەڤاڵیٚکی کورتە

هەم زیٚدە جوان و

زیٚدە کاریگەر

سلیٚمانی

٢٠١٥/١/٣١

دیاری

ئەمجارەیان کە دێمەوە

بۆنی وشە سەوزەکانی

مەلا حوسێنی باتەیی و

سیپانی سیامەند و خەجێ و

گڵی سەر ئارامگای خانی و

ئاگری و سەرحەدانم لێ دێ

بۆنی عەتری پەیڤەکانی

فەقێ خاکییەکەی تەیران و

حوجرە و عیرفانی جزیری و

تیرۆژی نووری نەورەسی و

باژێڕەکەی مەم و زین و سەراپای بۆتانم لێ دێ

ئەمجارەیان کە دێمەوە

ڕەنگە ڕەنگی گۆلی وان و بەفری قەرس و

کوێرە گوندێکی دلگیری نێزیك بتلیسم گرتبێ

دوور نییە باخێکی ماردین

یا ڕووبارێکی لای باتمان

یا شۆڕە درەختێکی ئورفە

لەتێ لە منیان بردبێ

ئەمجارەیان کە دێمەوە

دەمەوێ سەوقاتی دەستم

سورمەی سوبحانیی هۆنراوە و

وەسمەی وشە و تۆقە و خرخاڵی خەیاڵ بێ

گەرەکمە جانتای دڵم پڕی

بازنگ و بخوردی بەیت و

گوڵ و گەردانەی گۆرانی و

خەنەی خورپە و خەت و خاڵ بێ

ئەمجارەیان هەگبەی زمانم مشت کردووە

لە قەنەفری قەسیدە و

دەسرۆکە و پوولەکەی پەیڤ و

هەوری و متومۆریی ستران

لە ڕۆحما بۆتم داناوە

دەسماڵی سیاچەمانە و

کل و موستیلەی غەزەل و

گوارە و خەزێمی حەیران

وان

شوباتی ٢٠١٥

دڵی ونبوو

ئەم چەند پەیڤە، لە ڕێگای سەفەر و بەدەم گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوسەفەرێکەوە نووسراوە، دوای وردە دەستکاریکردنێک ئەمەی خوارەوەی لێ دەرچوو

دەیانگوت گەر بکەویە واری دووری
چامە و وشە بۆت دەبێتە سەبووری
دەیانگوت لە غەریبی قەت مەترسێ
مۆمی شیعر لەوێ بۆت دادەگیرسێ
کەچی لێرە وشك بوو ئاوی سۆمام
کوێر بووە کانی بەهرە و بەیت و هێمام

لە گشت دەردان بەسوێترە دەردی غەریبی

دڵ بیماری، ئەگەر لە گشت دەردێش بەری بی

هەرچەند خۆش بێ ئێرە پێدەشت و شار و شاخی

چەند دلگیر بێ دار و دەریاچە و باخی

مادام بە چاوی سەر نابینم دار و دیار

پڕم لە خەم، لە دەرد، گومان و پرسیار

با هەر بڵێن ئێرە نانی: شەکر، ئاوی: شەرابە

لە دووری یار بۆ من هەر سیبریای سەرابە

دەردی غوربەت کەسێ نەیدیبێ نازانێ چۆنە

ئاوی: سوێر، نانی: تاڵ، چێشتی: بێ تام و بۆنە

باتمان

٢٠١٥/٢/١٧

من نەبوومایە... تۆ نەبوویتایە

من نەبوومایە

کێ ڕشتەی تەمەنتی

دەخستە نێو شەربەی شیعر و

دەیکردی بە عەتری وشە و

دەیبردی بۆ ڕەزی ڕەوانبێژی کێ؟

تۆ نەبوویتایە

کێ ماڵی قەسیدەی نیشانی من دەدا و

ڕێگای باخی خۆشخوانی

بۆ گوڵڕێژ دەکردم و

بە کۆڵانەکانی چاپ و مەرەکەب و کتێبدا

شارەزای دەکردم کێ؟

دەتبوورم لەوەی هیشك بووم هێندەی

بتخەمە ڕستەوە و

بە ڕێزمانی چیهرە و چاوتدا بچمەوە و

ڕێنووسی ناوت حونجەکەم

بمبورە لەوەی

ماندوو بووی ماندوو

ئەوەندەی ناوسێریی هەڵبەستم بۆ چێکەی

هێندەی ڤیتامینی پیتم وێدەی

هێندەی ساچ و پەرچەمی عەروز و قافیەم ڕێکخەی

وان

سەرەتای ئاداری ٢٠١٥

وەك قەفەس[٩]

"وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە وا گرتوومیە ناو

تار و پووردی عەنکەبوتی زۆرە لێی کردووم بە داو"

نالی

لە دەرەوە هەر بەخۆت و

شەقامێکی تەنیا و تەزیو

دێیەوە ماڵ

---

٩ ـ ئەم چەند دێرە، شۆخییە لەگەڵ ئەو قوتابییانەی باشووری کوردستان، ئەوانەی لە باکووری نیشتیمان گیرساونەتەوە بۆ خوێندن و نوکتەی سەیر سەیریان هەیە لەگەڵ شیو لێنان و قاپ شوشتندا...

هێلکەوڕۆنێکی بێتام و

شلەساوەرێکی ڕەنگپەڕیو

چایەکی هەڵبزڕکاو و

کوپێکی بۆرهەڵگەڕاو و

چەند قاپێکی باغەی چلکن

مەتبەخێکی بێ ئارام و

قاوەیەکی تاڵ وەك زەقن

چەند پارچەیێ

لە لاقە مریشکی بۆنسۆ و

سەلاجەیەکی هەراشی

خاڵی لە بۆنی هەست بزوێن

بەتاڵ لە تامی لیکرژێن

چوار قل تەماتەی بێ خوێن و

لەتێ لە گێزەری گەنیو

دوو دانە بیبەری پوچ و

نیو کیلۆ کوولەکەی ڕزیو

سەر کەوەنتەر: پاکەتێ کێکی بەتاڵ و

خوێدانێکی شینی دڕوون

کترییەکی بۆری کەتە و

قوتوویێ دۆشاو و یەکێ ڕوون

چەقۆیەکی پەستی تورە

کە بۆنی پیاز و خەیار و

پەنیری تورکی و عەلوك و

سێو و پەتاتەی لێوە دێ

شەش حەو دانە کیسی بەتاڵ

کە لە تورەگەی شێتان دەچێ

پێنج کەوچکی بێتاقەت و

پارزونگێکی دەسك شکاو

تەباخێکی سپیی چوار چاو

بەس سپیێتی دیار نییە

لەبەر دەنکە برنجی سووتاو!

لەبەر ڕەنگی زەیتی ڕژاو

ئەملا دەنکیٚ خورما و ماستاو

لەویٚ تلپەی چا کەوتووە و

ئەولا دەبەی شکاوی ئاو

چیت بۆ باسکەم؟

لێرە لەم سڕ و سەقەمی ڕۆحەدا

نە منداڵیٚ دەڵیٚ بابە

نە کەس دەڵی بۆ ئیش ڕابە

نە یەکیٚ دەڵیٚ دە وەرە چایەکە سازە

نە دەبیستیٚ دۆستیٚ بێژیٚ

ئەم جومعەیە

نۆرەی برنجی عەنبەربۆ و قەل و قازە

نە کفتەییٚ مەستت دەکا

نە دۆڵمە و سلقیٚ دەبینی

بۆ تۆلکە و کەنگر شێت دەبی و

بۆ بریانییش پڕ برینی!

وان

ئاداری ٢٠١٥

صەباحولخەیر

بە ڕوخسەتی مەلای جزیری و لەسەر ڕیتمی شیعری

(صەباحولخەیر یا خانم)

صەباحولخەیر نیشتیمان

ئاسمانت چەتر و سایەبان

ئەوەندە شیك و شیرینی

وەسفی تۆ نایەتە زوبان

صەباحولخەیر ئەی دایێ

قوربانتم گوڵی ڕەعنایێ

چەن قەرزاری لوتف و سۆزتم

لاڵم لە مەدح و سەنایێ

صەباحولخەیر گوڵنیگار

بە قەد جوانی دەشت و کۆسار

هێندەی ڕوونیی چاوی کانی

لێت بێ سڵاوی پرشنگدار

صەباحولخەیر چلچرای من

دڵزیندە و دیدەشەهلای من

گوڵچیهرەی باخی تەمەن و

عەنبەر خاتوون و سەلمای من

صەباحولخەیر قاسپەی کەو

شوانی تازە هەڵساو لە خەو

خوێندەڤانی شیر حەڵاڵ و

پێشمەرگە و بێدارانی شەو

هەولێر

بەرەبەیانیی ٢/٤/٥٠١٥

چرای شیعری من دەسووتێ

هەر کاتێ تۆ دەکەویە نێو تەمی خەمان، چرای شیعری من دەسووتێ

کە دەکەویە بەر شەپۆلی تیژی زەمان، چرای شیعری من دەسووتێ

وەختێ گورگی نائومێدی، لە بەرخی ژینت هار دەبێ و

لێت دەسێنێ گوڵی ژیان، چرای شیعری من دەسووتێ

ئەو دەمەی قەڵەمی ئافات، شتێ لە دەفتەری عومر

دەنووسێ و دەتخاتە گریان، چرای شیعری من دەسووتێ

هەر گاهێ بای لمستان دێ، لەنجەی چەمێکت تێکدەدا

شك نابەی هیچ دەوا و دەرمان، چرای شیعری من دەسووتێ

سپێدەیەك بۆ گوڵێکی، بەناهەق کوژراوی وڵات

دەبارێنی ئەشکی ڕەوان، چرای شیعری من دەسووتێ

هاوینێك چەقۆی غەدر دێ، گەڵا گەڵای عومرت دەبا

دەتخاتە نێو ماڵی خەزان، چرای شیعری من دەسووتێ

لە ناوەڕاستی ئاداری، پێنج هەزار دانە هەڵاڵە

هەڵدەکڕوزێ پەڕەی ژینیان، چرای شیعری من دەسووتێ

گەردەلوولی سوور هەڵدەکا، ڕەزی ڕازی ئەم هەوارە

دەسپێرێ بە مەرگ و سووتان، چرای شیعری من دەسووتێ

ئاگری شەڕ دادەییسێ، سەرسەری ئاشوب دادەگرێ

هەر چوار کەناری نیشتیمان، چرای شیعری من دەسووتێ

دەسووتێ و هەر دەسووتێ و هەر دەسووتێ و هەر دەسووتێ

بۆ گوڵنیگاری نیشتیمان، چرای شیعری من دەسووتێ

جزیرەی بۆتان

نیسانی ٢٠١٥

پەنجەرەکە دەکەمەوە شێبا

پەنجەرەکە دەکەمەوە شێبا

نەبادا بۆسۆی غەریبی

شەلاڵم کا لە مەرگ

نەوەك پەنجەی شیعرە شێدارەکانم

تەزیو تەزیو هەڵوەرێن

ئەوسا کێ بە وشە بووکەشووشەت بۆ چێکا

کێ (ڕۆمیۆ) و (ئەلفریدۆ)ت[١٠] بۆ بخاتە ڕستەوە!

١٠ ـ مەبەست لێی هەردوو کاراکتەری فیلمی کارتۆنی ڕۆمیۆیە.

پەنجەرەکە دەکەمەوە شێبا

کێ دەڵی سەبای ئەم سوبحە

بۆنی گوڵنارێکی کەرکووکی لێ نایە

کێ دەڵێ نەسیمی ئەم سەحەرە

لەلای ڕەزە هەنجیرێکی هەریر و باتاسەوە نایە

کێ دەڵێ باوەشی ئەم کزەبایە

پڕ نییە لە بەرامەی سنۆبەرەکانی هەیبەت سوڵتان

کێ دەڵی ماڵی ئاوا

ئەم بایە لە خاکوخۆڵەوە هەڵی نەکردووە[١١]

پەنجەرەکە دەکەمەوە شێبا

با تاڵە تیشکی ئێوارەیەکی نارنجی

پڕ پڕمکا لە نوور

نەبادا ئەم زەمهەریری دوورییە

---

١١ ـ ئاماژەیە بۆ نیوە دیڕی (حەبیبەی ماڵیاوا ماڵی ئاوا)ی نالی و (خاکوخۆڵ)ی زێدی وی.

ئەم سرِ و سەقەمی غوربەتە

ئەم نساری بیٚ تۆییە

خوێن و ختوورە و خەیاڵم بکاتە بووز

پەنجەرەکە دەکەمەوە شیٚبا

بەڵکو ماشیٚنیٚك بیٚرەدا تیٚپەڕیٚ

سەدای دەلۆی لۆی کاوێساغای لیٚ بەرز بیٚتەوە

بەڵکو هەراوزەنای کۆمەڵیٚ منداڵ بیٚتە بەر گوێم

کتومت لە هاواری منداڵانی کۆڵانیٚکی تەیراوە بچیٚ

بەڵکو چوار مەکتەبلی چکۆلە ببینم

جانتای شانیان هەر لە هی (کاف) و (پیٚ)[١٢] بچیٚ

بەڵکو ئەناناس فرۆشیٚکی گویٚ گران

دوگمەی ڕادیۆکەی بادا و

شیعریٚك بە دەنگی شوکروڵڵای بابان و پەروین موشیری

---

١٢ ــ ئاماژەیە بە ناوی جگەرگۆشەکانم، کە بە پیتی (ك) و (پ) دەست پیٚدەکەن.

ئەم ناوە پڕکا لە جیلوە و جوڵە و جوانی

بەڵکو لەپڕ سیحری دەنگێك بێتە بەر گوێم و بڵێ:

"گەلی برادەرینە ئەمن ئەستێرەکم لیٚ هەراتییە

لە لاییٚ ڕۆژهەراتی

قەت لە دریٚ من ئاوا نابی...."

پەنجەرەکە دەکەمەوە شێبا

لە نهۆمی پێنجەمی باڵەخانەیەکی (وان)ێوە

تەماشای ڕێبوار و ئەفەندی و پیر و جوانی سەر شەقام دەکەم

ئەوە خوایە، پیرەژنێك ببینم

دوعاکانی بچێتەوە سەر نەغمەی دوعا گەرمەکانی دایکم

ئەوە خوایە، هەسپسوارێك بێرەدا تێپەڕیٚ

کتومت لەو دەروێشە ڕاوچییە بکا

کە هەموو چێشتەنگاوان بەخۆی و هەسپێکی بۆز و

دوو تاژیی مل بە قرێتە

تا لە گردی بەرماڵان ئاوا دەبوو

نیوەی عومری منداڵیمی لەگەڵ خۆیدا دەبرد

ئەوە خوایە، دێوەرەیەك بەو ناوەدا گوزەر بکات

بە لەهجە و ئاوازی خۆمان هاوار بکات:

شەعر بەنااات شەعربەنااااااااات

پەنجەرەکە دەکەمەوە شێبا

پەنجەرەکە دەکەمەوە

پەنجەرەکە

وان

١٥/٤/ ٢٠١٥

بەوەدا دەزانم

"وەش ڕەنگی بازەم، سا دەی بێ ڕەنگی

شادی با وەس بۆ، وەختەن دڵ تەنگی"

مەولەوی

بەوەدا دەزانم تۆ لێرە نیت

دڵتەنگی سبەینان بەر لە من لە خەو هەڵدەستێ و

تەمی بەر پەنجەرەکەم لادەدا

دڵتەنگی شامینۆکم بۆ تێدەکات و

بەرچاییم لەگەڵ دەخوات

بەوەدا دەزانم تۆ لێم دووری

دڵتەنگی تا سەر سوچی کۆڵان بەڕێم دەکات و

پاشان بە عیشوە و سەخاوەتەوە پێم دەڵێ

هێواریێ زوو وەرەوە دوا نەکەویت ها

بەوەدا دەزانم تۆ لێرە نیت

تەنیایی بە کۆڵمەوەیە

تەنیایی لەناو پاس لە تەنیشتمەوە دادەنیشێ

تەنیایی لەگەڵ من سەیری ئەو دار هەرمێیانە دەکا

کە جوانی لە سەری زوڵفیانەوە دەتکێ

تەنیایی وەك من لە پیاسەی ئەو قورینگانە ورد دەبێتەوە

کە وەختێ پارویێ گەنم دەخۆن

لە مینای گەردنیانەوە دیارە

بەوەدا دەزانم تۆ لێم دووری

تەنیایی لەگەڵ من دەچێتە حزووری

(دەنگی پێی ئاو)ی سوهراب

تەنیایی لەگەڵ من گوێ لە هاژەی

سترانێکی (حەسەن دەرزی) دەگریٚ

تەنیایی لەگەڵ مندا خەیاڵ دەیباتەوە

بۆ تاق و بەر هەیوانی منداڵی

بۆ کن مامۆستای وانەی کوردی و

لەگەڵ مندا

(تۆ تۆپی یاری کردنی، وەك کوولەکەی ڕۆحی منی) دەڵێتەوە

بەوەدا دەزانم تۆ لیٚم دووری

چوون سرکەفرۆشێکی بیٚ تەبیعات

گێچەڵ بە نارنج و سماق دەکەم

کام شاخ سەختە دەمەویٚ سەری خۆمی لیٚ بدەم

کێهە ڕووبار تیژ و ترسناکە

گەرەکمە ڕۆحی خۆم بخەمە بەر هاژەی وی

بەوەدا دەزانم تۆ لیٚرەیت

باڵندەیەك هەیە

ماڵیان دەکەوێتە لای چەپی

کۆڵانی قەفەسی سینگم

بە ترپەی گۆرانییەکانیڕا دیارە

ئەو باڵندەیە تۆیت

بەوەدا دەزانم تۆ لێرەیت

تۆ لێمەوە نزیکی نزیك

وان

مایسی ٢٠١٥

نیگارە چکۆلەکان

"ئەو نیگارانەی لە کات و شوێنی جودادا و زێتر بەدەم ڕێگای سەفەرەوە کێشراون، دواتر بە فڵچەی وشە و بۆیەی خەیاڵ تیفتیفە دراونەتەوە"

"تا دێ"

تا دێ

دونیا، بە خۆڵ و ئاو و ئاگر و باوە

بە مرۆ و ماڵات و بیێگیان و گیاوە

لەبەر چاوم کاڵ و بچووك دەبێتەوە

کەچی بەژنی ئەوینی تۆ بڵندتر و

ڕەنگی عیشقت تۆختر

ئەی مەعشووقە ئاسمانییەکەی کیشوەری دڵ

"جەنگاوەر"

جەنگاوەرێك، تێکشکاو لە شەڕی سیاسەت و

دۆڕاو لە بەرەی ئایدیۆلۆژیا

موفلیس لە سەنگەری پولْ و

دەستبەتالْ لە مەیدانی کورسی

جەنگاوەرێك، نە جارێ تەپڵی سەرکەوتنی لێدا

نە بە غەنیمەتی شەڕەوە کەرەتێك ڕۆیشت بە ڕێگادا

جەنگاوەرێکی بە بێ جەنگ

ڕەنگێکم من هەر بە بێ ڕەنگ

جەنگاوەرێك بێ هەدادان

بێ فیشەك و مەشق و مانۆڕ

بێ بەرهەم و بێ دەسکەوت و مات و حەیران

ئەی خوایە گیان تەنێ لە جەنگی ئەوین و وشە

بەس لە عیشقی کەژ و کانی

لە خۆشەویستی ئەستێرە و لە ماچی مانگەشەو و خاك

لە شیعر و ڕاز و سۆزی پاك

سەرکەوتوو و پایەدارمکەی

پڕ لە دەنگ و جەنگ و جیلوە و هاوارمکەی

"دەزانم، بەڵام..."

دەزانم لەوێ

نە پرچی سەوزی شۆڕەبی و

نە کانیی ڕوونی چاو قرژاڵ

نە شار و نە دێ و نە شاخ و

نە سەدای ستران و نە ئاوازی شمشاڵ

هیچیان سەرسامم ناکەن نا

دەزانم هەر دوای دوو سێ ڕۆژی دیکە

تەنانەت لە خۆم و شیعر و خەیاڵ و وشە و کتێبیش بێزار دەبم و

چك... چك... چك... غوربەت دەژمێرم

دەزانم ساڵ و مانگ و حەفتەی ناوێ

هەر دوای دوو سێ ڕۆژی ترە

لەگەڵ (حاجی) دەڵێم:

"مەپرسە دەردی غەریبی و لەززەتی وەتەنم

ئەوی لە دەستی دەگریام ئەمێستە بۆی دەگریم"

دەزانم و دەزانم و دەزانم بەڵام...

"کزەبا"

کز دادەنیشتم کز

کز ڕێمدەکرد کز

کز کز کزانی خۆم دەنووسیەوە کزەی جەرگم

بە کزەی بایێ برینی تەڕم کزر دەبوو و هەموو گیانم دەکزایەوە

کە کزەبا هەڵیدەکرد کزەکزی سووتانی من خۆشی دەکردەوە

کە خوێنی وشە لە دەمارەکانی کزەبادا دەمەیی

دڵەکزەی من خەوی دەزڕا

"کە دڵنیای"

تۆ کە دڵنیای دەتوانی

بە بەردی بێدەنگی سەرم بشکێنی

بۆ شیری وشە لە کالان دەردێنی؟!

"یادگاری"

وەختێ دەڕۆی

من هیچ دیاری و یادگارییەکی تۆم لا نییە

جگە لە تریفەی ئەو وشە سادانەی

کانیی ئەوین دەخەنە خەندە

ماڵی شیعر پڕ دەکەن لە جوانی و لەنجە

وەختێ دەڕۆم

نە ئەمانەتێکم لاتە نە هیچ قەرزێکم لەسەرتە

بێ لە عەتری ئەو شیعرانەی

گەرم و گەشن وەکو پشکۆ

سرك و ساوان چەشنی چرۆ

"بۆ دایکم"

نا نا هیچیان

تامی نانی دەستی تۆی لێ نایێ

چەندە خۆشە گشت سبەینان

بیخۆی لەگەڵ قاپێ ماست و

پیاڵە چایێ

"بە هەڵە هاتووی"

تۆ بە هەڵە هاتووی هاوڕێ

چوون نە قاپییەکەم لە توخمی تەلایە

نە ماڵەکەم لە نەسلی ئەڵماس

خاترجەم بە

مرۆڤێکم تا تۆز و خۆڵ حەزکا کرمانجم کرمانج

تا مێژوو بڕکا کلاسیکم کلاسیك

تا سادەیی دەڵێ بەس لادێییم

ئێستاش لە دیالۆگی نێو خەونەکانمدا

بە قات و بۆینباخ دەڵێم سانتۆڕ و پانتۆڕ و

بچمە بنی دونیاش تا شەندەری و شامینۆك هەبێ

نە لایەك لە سەندەویچ دەکەمەوە

نە بە بۆنی پیتزا دەمم لیك دەکا

ئیدی ئەوە منم سادەم سادە

تا سەر ئێسقان کرمانجم کرمانج

بگەڕێوە هاوڕێ تۆ بە هەڵە لە دەرگات داوە

"زریزە"

ز: پیتی یەکەمینی (زام) و پیتی دوایەمینی (مراز)

تا (زام)ی هەڵزنان نەبینی

ناگەیتە لوتکەی (مراز)ان

ر: پیتی یەکەمینی (ڕەش) و پیتی دوایەمینی (شەڕ)

بە هەندێ چاوڕەش دەگوترا (چاوقلەترێ) و

هەندێ کەسیش هەموو دەم حەزی لە (شەڕ)ی سپییە

ی: پیتی یەکەمینی (یار) و پیتی دوایەمینی (وازی)

نە (یار)ی، نە (نەیار)ی واز لەو (وازی)یەش ناهێنی

ز: گرنگ نییە پیتی یەکەمینی کێیە و پیتی دوایەمینی کێ

لێ، بێ (زەینەب) و (زارا) و (زۆراب) و (زریزە)...

زمانی خەڵوەتمان گرت و زەمینی ئاوەدانیمان جێهێشت

ە: پیتی یەکەمینی (هەنسك) و پیتی دوایەمینی (تۆڵە)

ئەگەر مان لە (هەنسك)یش بگریت

حەسحەسی (تۆڵە)ت ناخەوێ

"شكان"

دەزانی من و تۆ زۆر لە یەك دەچین

چوون عەیامێکە هەردووکمان هەر سەرقاڵی شکاندنین

من بە شیلەی شیعر تینوێتی ڕۆحت دەشکێنم

تۆش بە بەردی بێدەنگی مینای دڵی من

من بەو کۆڵی خەم و دەردی دەروونەوە

ڕچەی خەم و دەرد دەشکێنم

تۆش بەو سۆما پڕ لە جیلوە و ئەفسوونەوە

ڕیکۆردی گێتی دەشکێنی

من هەر بە هەوری خەیاڵ و

بە بارانی ئەو دوو چاوەم

تۆزی خەمی خاك دەشکێنم

کەچی ئەتۆ لە ماوەی چاوتروکانێکا

سنووری دڵڕەقی دەشکێنی

"سارد"

بەینی من و تۆ سارد بووە سارد

گفتوگۆی نێوانمان پڕ بووە لە وشەی ساردوسڕ

کەی بێم

بە کوپێ چای جیهان گەرمی دەکەیتەوە هاوڕێ!

چاپکراوەکانی دیکەی نووسەر:

ـ ڕازە سادەکانی بەفر، شیعر، سلێمانی/ ٢٠٠٤

ـ کەروێشک خەو بە فیلەوە دەبینێ، چیرۆک بۆ منداڵان، هەولێر/ ٢٠١٠

ـ گوتوبێژ، گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی، هەولێر/ ٢٠١١

ـ سۆمای پاکژ، چیرۆک بۆ منداڵان، هەولێر/ ٢٠١٢

ـ گوڵەئەستێرە، شیعر بۆ منداڵان، هەولێر/ ٢٠١٢

ـ زمان و میدیا ، توێژینەوە، هەولێر/ ٢٠١٣

ـ منداڵێکی پایزنشین، شیعر، هەولێر/ ٢٠١٤

ـ لە ئەوسای منەوە بۆ ئێستای تۆ، نامە، هەولێر/ ٢٠١٤